هەرێمی کوردستان - عیراق سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون	Kurdistan Region – Iraq Presidency Council of Ministers Ministry of Finance & Economy General Directorate of Accounting	اقليم كوردستان - العراق رئاسة مجلس الوزراء وزارة المالية والاقتصاد مديرية المحاسبات العامة م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٩ / ٤ / ١٠٥٤٦ رێکەوت: ٢٧١٦/٨/ گەلاڵەزان کوردی رێکەوت: ٢٠/ ٢٠/ ٢٠١٦زایینی

گشتاندنی ژمارە (٢٠)

بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەگانی نەبەستراو بە وەزارەت

ب/ پیتاکەکان

پێتان رادەگەیەنین کەوا هەر بڕە پارەیەك کە لەلایەن رێکخراو و دەزگاکانەوە وەکو (یونسف و لایەن و رێکخراوە خێرخوازییەکان و ... هتد) بۆ وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم دابین دەکرێت پێویستە زانیاری تەواو بدرێت بە وەزاتمان لە سەر ئەم خالانەی خوارەوە:

١/ بڕی پارەکە دیاری بکرێت بە دینارە یان دۆلار یان هەر دراوێکی ترە.

٢/ بۆ چ مەبەستێك دابین کراوە.

٣/نووسراو ئارستەی بەرێوەبەرایەتی گشتیمان /جوولەی دراو بکرێت بۆ کردنەوەی ژمێریەکی رەوان لە گەڵ ناوی بانکەکە و ناوی ئەو کەسانەی کە دەسەلاتدارن بە جولاندنی ئەم ژمێرەیە.

٤/ رێکار و میکانیزمی خەرج کردنی روون بکرێتەوە و بۆ هەمان مەبەست خەرج بکرێت.

٥/ هەر خەرجییەك کە لەسەر ئەم بڕە پارانە دەکرێت پێویستە مانگانە تەرازووی پێداچوونەوەی رەوانەی وەزارەتمان بکرێت.

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا.

ڕابەر صدیق محمد

بریکاری وەزارەت بە وەکالەت

وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان – عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س- دیوان/ ف - ك - دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی..بۆئاگاداریتان...لەگەڵ رێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی راوێژکاران .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر / دهۆك / (١و٢) ی سلێمانی / ئاکرێ / سۆران / زاخۆ / کۆیە / گەرمیان / ئامێدی / ڕاپەرین / چەمچەماڵ / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .